


# تێگەیشتن لە سێکولاریزم

ئۆستن کلەین

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە.عەزیز رەئووف

و. عەزیز ڕەئوف

## پێناسەی سێکولاریزم

سەرباری گرنگیەکەی، ناتوانرێت هەمیشە مشتومڕێکی فراوان لەبارەی ئەوەوە بکرێت کە ئایا لەڕاستیدا سێکولاریزم چییە. بەشێك لەو ڕاستە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە وشەی" سێکولار" دەتوانرێت بە دوو ڕێگە بەکار بهێنـدرێت، هەرچەندە پەیوەندیەکی نزیك لەنێوانیانداهەیە، بەڵام جیاوازی هێندە لەئارادایە کە بەنسبەت خەڵکەوە گران بێت لەبارەی ئەم چەمکەوە بزانێت. وشەی سیکولار لە لاتینیدا بەمانای "دنیایی" دێت و دژ بە ئاین و ڕۆحانیەتە. وەکو ڕێبازێك، سێکولاریزم هەمیشە وا بەکارهێنراوە بۆ باسکردن لە هەرفەلسەفەیەك بەفۆرم و ئێتیکەکانیەوە بەبێ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆگمای ئاینی، کە یارمەتی گەشەکردنی هونەری مرۆڤ و زانست دەدات.

## سێکولاریزم هەوڵێکە بۆ گەشەسەندنی فیزیکی و ئەخلاقی و ڕۆشنبیری سروشتی مروڤ لە بەرزترین ئاستدا

زاراوەی سێکولاریزم لە ساڵی 1846 و لەلایەن "جۆرج هۆلیوك"ەوە داهێندرا، ئەمەش بۆ باسکردنبوو لە " فۆرمی بیرکردنەوەیەك کە پشت بەخۆی بەستێت تەنها لەڕێی پرسیار و دۆزەکانەوە کە بتوانرێت بە ئەزمونی ژیان تاقی بکرێتەوە" (English Secularism, 60).

هۆڵیوك سەرکردەیەکی بزوتنەوەی سیکۆلاریستی و بیری ئازادی ئینگلیزی بوو کە ناوبانگێکی باشی بەوە پەیداکردبوو کە لەلایەن خەڵکێکی زۆرەوە تاوانبار کرا و شەڕی گەورەی دژ ئەنجامدرا، وە یاساکانی ئینگلیز بە کفر و لادان لە پیرۆزیەکانی ئاین تاوانباریان کرد. ململانێیەکانی لەگەڵ پیاوانی ئاینیدا وای لە هۆلیوك کرد کە لە هەموو بوارەکاندا ببێتە پاڵەوانێك بۆ ڕادیکاڵە ئینگلیزەکان، تەنانەت ئەوانەش کە ئەندام نەبوون لەو ڕێکخراوانەی کە بڕوایان بە ئازادی بیرکردنەوە هەبوو.

هەروەها هۆلیوك ڕیفۆرمیستێکی کۆمەڵایەتی بوو، ئەو بڕوای وابوو کە حکومەت پێویستە لەبەرژەوەندی چینەکان و هەژارەکاندا کار بکات کە لێرەو لەوێ پشت بە پێداویستیەکانی خۆیان دەبەستن زیاد لەوەی کە هەر پێداویستیەك کە ڕەنگە لە ئایندەی ژیانیان یاخود بۆ ڕۆحیان مومکین بێت. وەك ئەوەی ئێمە لەو دەربڕنەی سەرەوە بینیمان سەرەتای پراکتیزەکردنی زاراوەی "سێکولاریزم" بە شێوەیەکی فراوان ئەوە نیشان نادات کە ئەم چەمکە دژ بە ئاینە، بەقەت ئەوەی کە پشتیوانیەکە بۆ ئەو ئایدیایەی کە تەرکیز لەسەر "ژیان" دەکاتەوە، زیاد لە بیرکردنەوە لە هەرجۆرە ژیانێکی تر. بە دڵنیایەوە ئەوە بەمانای ڕەتکردنەوەی زۆرێك لە سیستەمەکانی بیروباوەڕی ئاینی دێت، کە گرنگترینیان ئاینی مەسیحیە لە سەردەمی "هۆلیوك"دا، بەڵام پێویست بەوە ناکات کە سەرجەم بیروڕا ئاینیەکان ڕەت بکرێتەوە.

دوای ئەوە هۆلیوك زۆر بەڕاکشاوانە زاراوی عەلمانیەن بەو شێوەیە شی دەکاتەوە:

"سێکولاریزم هەوڵێکە بۆ گەشەسەندنی فیزیکی و ئەخلاقی و ڕۆشنبیری سروشتی مروڤ لە بەرزترین ئاستدا، وەك وەزیفەی ڕاستەوخۆ لە ژیاندا- کە مەشقکردنی دابەشکردنە بە شێوەیەکی پراکتیکی لە ئەخلاقیەتی سروشتی بە جیاواز لە باوەڕنەبوون بە خودا Atheism یان بڕوابوون بە یەك خودا Theism یاخود بایبڵ"کتێبی پیرۆزی مەسیحیەت"- کە پەیڕەوکردنی ئەو میتۆدانە هەڵدەبژێرێت کە یارمەتی گەشەکردنی مانا ماتەریاڵەکان دەدات، پێشنیاری ئەو ڕێکەوتنە پۆزەتیڤانە دەکات وەك پەیوەندی فراوان بۆ یەکگرتن، بۆ هەموو ئەوانەی کە ژیان ڕێکدەخەن بە عەقڵ و بە خزمەتگوزاری بەرز ڕایدەگرن" (Principles of Secularism, 17).

جارێکی تر ئێمە جەغت لەسەر جیهان و ماتەریاڵ دەکەینەوە زیاد لەوەی کە جیهانێکی ناماتەریاڵ و ڕوحی و هەر جۆرێکی تر بێت- بەڵام هەروەها ئێمە هیچ ڕاگەیاندێکی ئاشکرامان نییە کە نیشانی بدات سێکولاریزم لەسەر غیابی ئاین ئیش دەکات. چەمکی سێکولاریزم بەشێوەیەکی بنەڕەتی گەشەی بە فەلسەفەی نائاینی داوە و جەغتی لەسەر ئەو پێویستیانە کردۆتەوە کە پەیوەستن بە مرۆڤایەتیەوە لە ژیاندا، نەك پابەندبوون بەو پێداویستیانەوە کە پەیوەستن بە ئەودنیاوە afterlife. هەروەها سێکولاریزم گرنگی بە فەلسەفەی ماتەریالیستیکی دەدات، لە هەردوو زاراوەکانی مانەوە کە ژیانی مرۆڤ بەرەو باشتربوون ڕۆیشتووە و لە ڕووی تێگەیشتنیەوە بۆ سروشت و گەردوون.

**چەمکی سێکولاریزم بەشێوەیەکی بنەڕەتی گەشەی بە فەلسەفەی نائاینی داوە و جەغتی لەسەر ئەو پێویستیانە کردۆتەوە کە پەیوەستن بە مرۆڤایەتیەوە لە ژیاندا، نەك پابەندبوون بەو پێداویستیانەوە کە پەیوەستن بە ئەودنیاوە**

ئەمڕۆ وەك فەلسەفەیەك کە بەرەو نیشانەکانی مرۆڤایەتی یاخود هیومانیزمی سێکولار دەڕۆین، هەرچەندە چەمکی سێکولاریزم لایەنی کەم لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا زیاد لە پێویست سنوربەند و کۆنترۆڵکراوە. یەکەمین بەرکەوتە یاخود زۆرێك لە تێگەیشتنی باو سەبارەت بە"سێکولار" لەمڕۆدا لەو شوێنەدا خۆیدەبینێتەوە کە"ئاین" بەگوێرەی پراکتیزەکردنی تەواو دژ بەم چەمکەیە، شتێك بریتیە لە "سێکولار" کاتێك کە بتواندرێت بەشێوەیەکی جیهانی و مەدەنی و دەوروبەری نائاینی لە ژیانی مرۆڤدا کاتیگۆرایز بکرێت. دووەمین تێگەیشتن لە "سێکولاریزم" ئەوەیە کە جیاوازە لەگەڵ هەرشتێك کە پەیوەندی بە پیرۆزی و پەرستن و تێکستی دەسکارینەکراوەوە هەبێت. بەگوێرەی ئەم بەکارهێنانە کاتێك دەتوانین بڵێین ئەوە سێکولاریزمە کە پەرستن لەئارادا نەبێت، ڕێزگرتن لە دەق بوونی نەبێت، وە هەروەها دۆخێك هەبێت بۆ ڕەخنە گرتن و بڕیاردان و جێگرتنەوە.

## سەرچاوە ئاینیەکانی سێکولاریزم

لەبەرئەوەی چەمکی سێکولار بە شێوەیەکی ئاسایی واتێگەیشتنی بۆ دروست ببوو کە هەوڵێکە بۆ ململانێی ئاینی و زۆرێك لە خەڵك نەیاندەزانی کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئەم چەمکە لە هەناوی تێکستی ئاینیەوە گەشەی کردووە. ئەمەش هەروەها ڕەنگە لەوەوە بێت کە زۆرێك لە فەندامێنتاڵە ئاینیەکان توشی شۆك دەبن و گەشەسەندنی سێکولاریزم لە دنیای مۆدێرندا ڕەت دەکەنەوە و لەبایەخی کەم دەکەنەوە. زیاد لەوە خەڵك پێی وابوو کە پیلانێ بێباوەڕییە بۆ ڕوخانی شارستانیەتی مەسیحی، بەڵام سێکولاریزم بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەناو کۆنتێکستی مەسیحیەتەوە گەشەی کردو لەپێناوی پاراستنی ئاشتی لەنێو مەسیحیەکاندا هاتە ئاراوە.

لەڕاستیدا چەمکی سێکولاریزم تواندرا لە بەشی دووەمی ئینجیلدا بدۆزرێتەوە لەکاتێکدا کە دەزانین جیاوازی هەیە لەنێوان مەودای ڕۆحی و مەودای سیاسیدا، عیسا خودی خۆی ناوی بردووە، وەك ئامۆژگاریکردنێك بۆ گوێگرەکانی و پێی وتوون وا تەماشای قەیسەر بکەن کە قەیسەرە و واش لەخوا تێفکرن کە خودایە. دواتر پیاوی ئاینی مەسیحی قەشە ئۆگەستین گەشەی پێدا و زیاد لە جیاکاریەکی سیستەماتیکی بە جیاکردنەوەی نێوان دوو "شار" دەستی پێکرد کە یەکێکیان بە یاساکانی زەوی فەرمانی وەردەگرت (civitas

و(terrenae ئـــەوی تریشـــیان بـــە فەرمانـــەکانی خودا(civitas dei). هەرچەندە ئۆگستین ئەو چەمکانەی بەکارهێنا وەك مانایەك بۆ شیکردنەوەی ئەوەی چۆن مەبەستی خودا لە ڕێی مێـژووەوە بـۆ مرۆڤایـەتی گەشـە پێـدا، بـەڵام لەلایـەن خـەڵکانی تـرەوە وا کـاری لەسـەر کـرا کـە کۆتایگەلێگی زۆر ڕادیکاڵی بەخۆوە بینی.

## توانرا سێکولاریزم لە بەشی دووەمی ئینجیلدا بدۆزرێتەوە لەکاتێکدا کە دەزانین جیاوازی هەیە لەنێوان مەودای ڕۆحی و مەودای سیاسیدا، عسیا خودی خۆی ناوی بردووە

لە سەدەکانی ناوەڕاسـت لـە ئـەورووپادا، وشـەی لاتینـی saecularisهەمیشـە وەك "سـەردەمی ئیسـتا" ئامـاژەی پێدەکرا، بەڵام لە پراکتیکدا ئەم زاراوەیە وەك باسـکردن بـۆ ئـەو ئەندامانـەی پیـاوانی ئـاینی بـەکار دەهێنـرا کـە ئامـادە نەدەبوون بە شێوەیەکی وشکە سۆفیانە سوێند بخۆن. ئەو پیاوە ئاینیانە لەجیاتی ئـەوەی خۆیـان دوور بگـرن و گۆشـەگیربن لەگـەڵ خواپەرسـتەکاندا، دەهـاتن لەگـەڵ خەڵکـدا ئـەو کارانەیان هەڵبژارد کە پەیوەندی بە"جیهان"ەوە هەبوو.

بـەهۆی کارکردنیانـەوە بـەو شـێوەیە، ئـەوان نـەیانتوانی دەستبەرداری پرەنسیپە باڵاکان بـن لـە ئـەخلاق و ڕەفتـاری تاکەکەسی، لەبەر ئـەوە بێبـەش کـران لـە بـەردەوام بـوون لەسەر سـەرجەم پاکێتیـەکان زیـاتر لـەوەی کـە چاوەڕێیان دەکـرد. ئەوانـەی کـە ئامـادە نـەبوون بـە شـێوەیەکی وشکەسـۆفیانە سـوێند بخـۆن، هەرچـۆنێك بێـت لـەناو ئەوانەدابوون کـە ئـارەزووی پرینسـیپە باڵاکانیـان دەکـرد- وەك دەرئەنجامێك ئەوە شتێکی نائاسایی نـەبوو بـۆ ئـەوان و قەشەی کەنیسـە کـە بەشـێوەیەکی کـەم بەسـوکی تەماشـای پیاوانی عەلمانیان دەکرد کە بڕوایان بە عەلمانیەت هەبوو.

### سێکولاریزم وەك فەلسەفە

هەرچەندە سـێکولاریزم گـەر بـە شـێوەیەکی سـادە تێـی بگەین، بە مانای غیابی ئاین دێت، بەڵام هەمیشە ئەم چـەمکە وەك سیستەمێکی فەلسەفی لەگەڵ تیۆەگلانەکانی تاکەکەسی و سیاسـی و کـەلتوری و کۆمەڵایـەتی مامەڵـەی کـردووە. سێکولاریزم وەك فەلسەفەیەك پێویستە وەك جیاوازی بچوك مامەڵەبکات بەقەد ئەوەی وەك ئایدیایەکی سادە دەربکەوێت، بەڵام بە چ جۆرە فەلسەفەیەك مامەڵە لەگـەڵ سـێکولاریزمدا بکەین؟ بۆ ئەوانەی کە مامەڵە لەگەڵ سێکولاریزمدا دەکەن، ئەوەیـە کـە سـێکولاریزم چـەمکێکی هیومانیسـتی و فەلسەفەیەکی بێخودا بووە کە مرۆڤایەتیەکی تەندروستی لـە ژیاندا ویستووە. فەلسەفەی سێکولاریزم بە چـەندین ڕێگـەی جیـاواز شـی کراوەتـەوە، هەرچـەندە هـەموو تەفسـیرەکان لێکچونگەلێکی تەواو گرنگن. جـۆرج هۆلیـوك داهێنـەری زاراوەی"سـێکولاریزم" زۆر بـە ڕوونـی لـە کتێبەکـەی "سـێکولاریزمی ئینگلیـزی" English Secularism دا پێناسەی ئەم چەمکەی بەم شێوەیە کردووە:

سێکولاریزم سیستەمێکە بۆ بەشێك لە بەرپرسیارێتیەك لە ژیاندا کـە لەسـەر لێکۆڵینـەوە لـەبارەی سروشـتی مـرۆڤ دامەزراوە و دەیـەوێت بـە شـێوەیەکی سـەرەکی بـۆ هـەموو ئەوانەی دەیانەوێت ئاینی سنوردارنەکراو یان کەم و کوڕی و پشتپێنەبەستن یاخود بۆچوونی بڕواپێنەکراوەوە زیانیارێنەدبن.

**سێکولاریزم لەسەر سێ پرەنسیپی سەرەکی دامەزراوە:**

1. باشترکردنی ژیان بە مانایەکی ماتەریاڵی.
2. زانست دەستکەوتی دووربینی مرۆڤە.
3. ئەوەی باشە بە باشـیش ڕەفتـار دەکـات. هەریـەك لەوانە باش بێت یاخود نا، ژیانی ئێستا باشترین شتە نەك ژیانی دوایـی afterlife. ژیـان مایـەی کەشـف و بەدواگەڕانـە. فەزیلـەت ئەوەیە کە بەدوایدا دەگەڕێن.

Secularismworld.com